**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلاّیەتی**

**ژمـــــــــارە : ۲۹۸۸ لـــــە ۲۰۱۰/۷/٦**

# ڕێنمایـــــــی

بە پێی ئەو دەسەلاّتەی کە پێمان دراوە وە ئاماژە بە ماددەی (۷) برگەی سێیەم وە ماددەی (۲) برگەی سێزدەهەم لە یاسای وەزارەتی کار و کاروبـاری کۆمەلاّیـەتی لـە هـەرێمی کوردسـتان ژمارە (۱۲) ی ساڵی ۲۰۰۷ , وە بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری خانەی بە سالاّچووانی خێرخوازی کەرتی تایبەت ئەم ڕێنمایانەی خوارەوەمان دەرکرد .

## ڕێنمایی ژمارە ( ۱ ) ی ساڵی ۲۰۱۰ تایبەت بە خانەی بەسالاّچووانی خێرخوازی و ئەهلی

**یەکەم :** مۆڵەت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلاّیەتی دەدرێت بە خانەی بەسالاّچووانی خێرخوازی و ئەهلی .

**دووەم :** لێژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری پارێزگاکان پێك دێت بۆ بە دواداچوون و پشکنینی خانەی بەسالاّچووانی خێرخوازی و ئەهلی بەپێی پێویست .

**سێ یەم :** مەرجەکانی وەرگرتنی بەسالاّچوو لە خانە:-

أ- دانیشتوو یان نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بێت .

ب- تەمەنی سوودمەند نابێت لە ( ٥٥ ) پەنجا و پێنج ساڵ کەمتر بێت لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی باری جەستەیی سوودمەند لەکاتێك کە تەمەنی لە خوار تەمەنی ئاماژە پێکراو بێت .

ج- نابێت بەسالاّچوو نەخۆشی گواستراوە و دەروونی و عەقڵی هەبێت . ئەگەر سوودمەند لە خانە تووشی ئەو نەخۆشیانە بوو کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە دەگوازرێتەوە نەخۆشخانە پالپشت بە ڕاپۆرتی پزیشکی .

**چوارەم :** ئەو خانانەی کە بە مەبەستی خێرخوازی دروست دەکرێن بۆ خزمەتی بەسالاّچووان نابێت کرێ لە بەسالاّچووان وەرگرن .

**پێنجەم :** لە خانەی بەساڵاچووانی ئەهلی ئەگەر سوودمەندەکە توانای دارایی لە دەستدا پێویستە لایەنی مۆڵەتدەر ئاگادار بکرێتەوە بۆ گواستنەوەی بۆ خانەی بەساڵاچووانی حکومی.

**شەشەم :** دابڕانی بەساڵاچوو لە خانە :-

سوودمەند دادەبڕێت بەپێی ڕاپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی پاش پەسەندکردنی لە لایەن لیژنەی پێدانی مۆڵەت لەم حاڵەتانەی خوارەوە :-

أ- لەسەر داوای سوودمەند .

ب- لەسەر داوای کەس و کاری سوودمەند بە بەڵێننامەی نووسراو.

ج- لە کاتی پابەند نەبوونی بە ڕێککارەکانی خانە ( ضوابط الدار)

د- لەکاتی لە دەستدانی یەکێك لە مەرجەکانی وەرگرتن .

**حەوتەم :** خانەکانی خێرخوازی و ئەهلی پێویستە پابەند بن بە ماددەی ( ٣ ) بە برگەکانی ( ١-٢-٣-٤-٥ ) لە سیستەمی خانەی چاودێری بە ساڵاچووانی ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی ١٩٨٥ .

**هەشتەم :** پێویستە لە میلاکی خانەکانی بەساڵاچووانی خێرخوازی و ئەهلی بوونی :-

١- بەڕێوەبەری خانە دەرچووی کۆلێژ یان پەیمانگا بێت .

٢- پێویستە هەر خانەیەك توێژەری کۆمەڵایەتی یان دەروونی هەبێت .

٣- کارمەندی خزمەتگوزاری ( دایەن – چاودێر – پاککەرەوە ) لە خانەکان دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ ژمارەی سوودمەندان بە مەرجێك ڕەچاوی لایەنی تەندروستی بکرێت .

٤- هەر خانەیەك پزیشکی تایبەتی هەبێت بە پێی پێویست سەردانی خانە بکات , لەگەڵ بوونی کارمەندێکی یاریدەدەری پزیشك بە بەردەوامی .

**نۆیەم :** کارمەندانی خانەی بەساڵاچووان پێویستە بەشدار بن لە خولێك دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەساڵاچووان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی کە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری پارێزگاکان پێی هەڵدەستێت و خەرجیەکان دەکەوێتە ئەستۆی خانەی مۆڵەت پێدراو .

**دەیەم :** ئامادەکردن و پێدانی خواردن بە سوودمەندان بە پێی خشتەی هاوپێچ ڕۆژانە دەدرێت بە بەساڵاچووان .

**یانزدەم :** خواردنی تایبەت بە گوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی بۆ ئەو سوودمەندانە ئامادە بکرێت کە نەخۆشن .

**دوازدەم :** باڵەخانەی خانە گونجاو و شیاو بێت لە ڕووی تەندروستی و پاك و خاوێنی بە جۆرێك کە ژمارەی سوودمەندان گونجاو بێت بە بەراوورد لەگەڵ ڕووبەری ژوورەکان .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتـــــــــــــــی داد**

**ژمارە : ٩٥٤ لە ٢٠١٠/٦/٢٧**

## بــەیـانــی ژمـــارە ( ١٢ )

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ( ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو ) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە ( ١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :-

کـردنـەوەی بـەڕێـوەبـەرایـەتـی گـرێبـەسـتەکـان لـەدیـوانـی وەزارەت .

**ڕؤوف رشـــــــید**
**وەزیـــــــری داد**